ئاسۆ بیارەیی
2006-6-4 سوێد

پێویستی گردبوونەوەی ڕۆشنبیر کورد لە تەك سەرکردەکانی!!!!!!!

ئایا پێویستە ڕۆشنبیری کورد چاو لە کەموکوڕیەکانی سەرکردەکانی بزوتنەوەی کورد، بەرامبەری دوژمنانی کورد بپۆشێت و کوێرانە داکۆکیان لێبکات؟ بە تایبەتی دژی هێرشی عەرەبە شۆڤێنستەکان؟

بەرپەرچدانەوەی هزری، دژی داگیرکەران کوردستان ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کوردە کە کوردستان بە نیشتیمانی خۆی دەزانیت، بەڵام ئەگەر هاتو داکۆکێکی کوێرانە بێت، ئەوا بە زیانی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان دەگەڕێتەوە، چونکە ڕاست و هەڵە لە نێو ئەو داکۆکیەدا وون دەبێت.

خاڵێکی تری گرنگ، کە جێی شایەنی باسە ئەوەیە، کە ئەو جۆرە بۆچونانە یان پەیامانە(کە دەبێت ڕۆشنیر بە هەرشێوەیەک بیت خۆی ببستێتەوە بەچارەنووسی سەرکردەکانی و کوێرانە لە تەکیان بێت) ڕۆشنیر لە کاری ڕۆشنێری چەک دەکات و لە داهێنان ڕای دەماڵێت. بۆ نموونە لە م ڕۆژانەدا عەدنان موفتی کە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە، بێ ئەوەی گوێ بە ڕای گەلی کورد بدات، ووتی زۆربەی کوردەکانی ئەوروپا خۆیان بەعێراقی دادەنێن، پێم وایە ئەو ووتەیەی سەرۆکی پەرلەمان هەستی زۆر لە کوردانی ڕەوەندی ئەوروپا و باشووری کوردستانی بریندارکرد، یەکێک لەوانە من، چونکە من هیچ کاتێک خۆم بە عیراق دانەناوە، بەتایبەتی دوای ئەنفال شومەکەی ڕژێمی داگیرکەری عێراق ساڵی1988 و هەموو کاتێک عەرەب، تورک و فارس وەکو نەتەوەی داگیرکەر و سەردەست دەبینم. ووتەکەی عەدنان موفتی:-
http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issue=10047&article=366067

پەیامی دکتۆر خالد یونس خالد، کە دەبێت پشتیوانی و هادەنگی خۆمان بۆ سەرکردەکانمان لە ناو ئەم ووتارەدا کە لە ژێر ئەو ناونیشانەی خوارەوە بڵاوکردوەتەوە، زیانی ماڵی لە پرۆسەی دیموکراتی لە گەلی کورد دەدات، چونکە ڕەنگی ئەوەی لێدەبینرێت، کە ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیری کوردە، کە ئەو سەرکردانە بپەرستێت و داهینانی خۆی لە بار بەرێت.
ئەگەر سەرکردەیەکی کورد، باکوردیش بێت، ئەگەر هەستێکی نەتەوایەتی نەبێت، دەبێت ڕەخنەی لێبگیرێت نەک ستایش. سەددام عەرەبیش بوو بەڵام عەرەبە دژەکانی بەتوندی ڕسوایان دەکرد.
الدكتور خالد يونس خالد: مع قياداتنا نواصل المسيرة بالكلمة النزيهة
ضرورة التفاف الكتاب الكرد حول قياداتهم
http://www.sotkurdistan.net/index.php?mod=article&cat=drxalidyonis&article=297